# مۆسیقای دەرەوە لەقەسیدەی (گووتم بە بەختی خەواڵوو..) ی حاجی قادر کۆیی دا

مۆسیقای دەرەوە لە سیستەمی کێش و سەرواوە بەرپا دەبێت، لە شیعری عەرووزیدا سیستەمی کێش یەکسانی و هاوسەنگییە لە نێوان هەنگاوەکان (تەفعیلەکان) ی هەردوو نیوە دێڕی شیعر، ئەنجامی ئەم یەکسانییەی هەنگاوەکانی کێش و هاوتایی لە دەنگ و ئاوازەکانیان لە هەردوو نیوەدێڕدا دەبێتە هۆی بەرپابوونی دوو ڕەگەزی جوانکاری لە شیعردا کە بریتین لەهاوتایی و هاوتەریبی کە جوانییەکی ئاوازەیی دڵگیر بە شیعر دەبەخشن، کە لە ئاکامی هەستکردن بەو گونجان و هاوئاهەنگییەوە دێت کە لە دەروونی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت.

سەروا (قافیە) ش گۆشەیەکن لە ئاوازی شیعری، لە تەك ئاوازی کێش و ئاوازی ناوخۆی وشەکان پێکدەهێنێت، لە تیۆرە ڕەخنەییەکاندا وەکوو یەکێك لە دەرکەوتەکانی (کێش) هەژمار کراوە. مۆسیقای دەرەوە کە خۆی لە (کێش و سەروا) دەبینێتەوە بە ئەندازە و دوو بنەمای سەرەکی و ناسنامەی شیعرییەت دادەنرێت. لەو پێودانگەوە شیعر بەبێ (کێش و سەروا) ئێستێتیکای نامێنێت و سیفەتی بەهارمۆنبوون لە ناو دەچێت.

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مۆسیقای دەەوە لە قەسیدەی (گوتم بە بەختی خەواڵوو..)ی حاجی قادری کۆیی، کە هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر هەموو ئەو هونەرانەی کە مۆسیقای دەرەوەی قەسیدەکە پێکدێنن. ئەم ڕێبازەی لەم توێژینەوە پێڕەو

کراوە، ڕێبازی (وەسفی پراکتیکی)یە، ئەمەش لە پێناو بەدەرخستنی لایەنە جوانکارییەکانی تایبەتمەندی قەسیدەکە. گرینگی ئەم توێژینەوە لەوە دا خۆی دەبینێتەوە، کە تاکو ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا توێژینەوەیەکی تایبەت و ئاکادیمی لە سەر ئەم قەسیدەیە ئەنجام نەدراوە، بۆیە هەوڵدراوە لایەنە جوانەکانی ئاوازی دەرەوە بە پراکتیکی شرۆڤە بکرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم/ تەوەری یەکەم: هەندێ پێناسەی مۆسیقای دەرەوە. تەوەری دووەم: بەراییەك لەسەر مۆسیقای شیعری. تەوەری سێیەم: ژیاننامەی حاجی قادری کۆیی. تەوەری چوارەم: پەیامی قەسیدەکە بە گشتی.

بەشی دووەم/ تەوەری یەکەم: ئەو هونەرانەی کە مۆسیقای دەرەوە دروست دەکەن: 1- کێش، 2-سەروا.

بەشی سێیەم: جوانناسی مۆسیقای دەرەوە. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، دواتر پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم

تەوەری یەکەم: هەندێ پێناسی مۆسیقای دەرەوە:

پەیوەستبوونی شیعر و مۆسیقا پێکەوە وای کردووە ئەوەندە تێك بچڕژێن و ئاوێزانی یەکتربن بەشێوەیەك، کەپاش لێکجیاکردنەوەشیان هەرگیز دەسبەرداری یەکترنابن، بە تایبەتی شیعر، کە ڕەگەزە سەرەکییەکەی کێشە، کە لە مۆسیقاوە بۆی ماوەتەوە.

پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێوان مۆسیقا و شیعردا هەیە، ڕەنگە ئەو پەیوەندییە لەگەڵ

هەر پەیوەندییەکی تردا جیابێ کە مۆسیقا لەگەڵ هونەرەکانی تردا هەیەتی، چونکە شیعریش هونەرێکی زمانیە و دەربڕینی بەهۆی دەنگە و چەشە لێوەرگرتنی بەبیستنە، ڕیتم و کێشیش دەوری سەرەکیان تێدا هەیە. (النعمە:1988: 92-93).

مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە دوو ڕەگەزی گرینگی ڕیتم و کێش پێکدێت، لە شیعردا یەکتر (Harmony)و گونجاندن ( (Connectionهەریەکەیان لە دەرەتانی پێوەندی ( تەواو دەکەن، واتا دوو بابەتی هاوڕێکی بەردەوام بەو هۆیەوە جیاوازییەکی زۆر ورد دا هەیە، ڕیتم (Rhythm)و هونەری ڕیتم ( (Meter)لە نێوان زاراوەی کێش ( دووبارە بوونەوەی زەمەنێکی دیاریکراوە لە نێوان دیاردە دەنگییەکاندا. وشەی ڕیتم (ریپموس) ی گریکییەوە هاتووە ئەویش لە (Rhythmos)لە وشەی ( (Rhythm( داتاشراوە کە مانای (هەڵڕژان و هەڵقوڵان، هەستانی (Rhein)فرمانی داڕێژراو ( کێش و ڕیتم پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە .(D:102:1973ڕووباردا) هاتووە. ( نێوانیاندا هەیە و بە هەردووکیان وێنەیەك بەرجەستە دەکەن کە لە گۆکردنی شیعردا بەرزترین سیحر و ئاوازە دێنێتە ئاراوە.

"کێش و ترپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەست بە یەکەوە پێوەندیدارن و بوونیان پێکەوە پێویستە نەبوونی هەر یەکێکیان کەموکوڕیەك بە لەشی واتایی و شێوە و ڕووخساری هەڵبەست دێ"(بیمار:10:1992). شاعیری کارامە و بەتوانا لە توانایدایە نەسەق و هاوکێشەیەکی هاوڕێك و هاوتەریب لە نێوان مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوە دا پەیوەست بکات. " شاعیری کارامە دەتوانێ ڕیتمی ناوەوە بخاتە سەر مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوە" (عید:10:1975) .

هەر شیعرێك ئەگەر لە ڕووی مەبەست و بیرەوە زۆر بە هێزبێ، بەڵام ئەگەر

شیعرەکە هەژماری کێش و مۆسیقاو ئاوازی بۆنەکرابێت، شیعرەکە لەنگ دەبێ و خوێنەریش بە هیچ شێوەیەك چێژی لێ وەرناگرێت. بۆیە شاعیری بەتوانا دەبێت. هاوسەنگی شێوە و ناوەڕۆك و مۆسیقای شیعری لە بەرچاو بگرێت. مۆسیقای دەرەوەی هەر شیعرێك وەربگریت ڕاستەوخۆ دەبێت لە کێش و سەرواوە دەست بە لێکۆڵینەوە بکرێت، چونکە کێش و سەروا دوو دیاردەی دیار و بەرچاوی شیعرەکەن کە دیوی دەرەوەیتی. هەروەك د.عەزیز گەردی گوتوویەتی: "شیعر لە دیوی دەرەوەیدا بە زۆری دوو دیاردەی سەرەکی تێیدا دەردەکەوێ ئەویش کێش و سەروایە." (گەردی:67:1999).

سەروا کە مۆسیقای دەرەوەی شیعر پێکدێنێت لای زۆر نەتەوەکان بە مەرجی بنەڕەتی شیعر هەژمار ناکرێت، بەڵام سەروا لای عەرەبەکان بە مەرجی بنەڕەتی و پێویستی شیعر دانراوە. عەرەبەکان هەر لە کۆنەوە لە پاڵ کێشدا (سەروا)یان بە مەرجی پێناسەی شیعر داناوە واتە"الشعر کلام موزون و مقفی یدل علی معنی"(الزمخشری:56:1970)

سەبارەت بە کێش و ڕیتم تێبینی دەکرێ و بەردەوام باس لەوە دەکرێ کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و هەردووکیشیان هەریەکن، هەڵبەت ئەم تێڕوانینەش هەڵەیە، چونکە (کێش و ڕیتم) دوو ڕەگەزی لێکجیان بە شێوەیەك کە شیعر بەبێ ڕیتم نابێت، بەڵام بەبێ کێش دەتوانێ هەبێت. (بەکر:169:2004).

کێش لە هەر زمانێکدا بریتییە لە چوارچێوەی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعر، ڕیتم کە لە خاسیەتە تایبەتییەکانی هەر زمانێك و هەر شاعیرێکەوە پێك دێ، دەوری خۆی دەبینێ، ڕیتم گیانێکی زیندوو بە کێشەکە دەبەخشێ و قووڵتر و خەستتری دەکاتەوە و

ئەدگاری کۆتایی بە ئاوازی شیعرەکە دەدا.

جێگەی ئاماژەیە کێش و سەروا چۆن بە مەرجی بنجی و سەرەکی شیعری کلاسیك هەژمار کراوە، بە هەمان شێوەش ئەم دوو بنەمایە بە مەرجی ئیستێتیکی و جوانسازی لە شیعری هاوچەرخ و نوێی کوردیش دادەنرێت. (Aesthetic(

مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە هەر زمانێکدا بریتییە لە کێش و سەروا لە چوارچێوەی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعر بۆ تەواوکردنی مۆسیقای شیعری، ڕیتم کە لە خاسیەتە تایبەتییەکانی هەر زمانێك و هەر شاعیرێکەوە پێکدێ، دەوری خۆی دەبینێ و گیانێکی زیندوو بە کێشەکە دەبەخشێ و قووڵتر و خەستتری دەکاتەوە و ئەدگاری کۆتایی بە ئاوازی شیعرەکە دەدا (گەردی:1999: 75).

هەر لەو پێودانگەوە کێش کە بنەمای بنجی مۆسیقای دەرەوەیە بە خاڵی جیاکاری مەرجی شیعر و پەخشانیش هەژمار دەکرێ. سەجادی گوتوویەتی: "کێش بە نیشانەیەکی سەرەکی جیاوازی نێوان هۆنراوە و پەخشان دادەنێ"(سەجادی:1967 :72).

تەوەرەی دووەم: بەراییەك لەسەر مۆسیقای شیعری

مۆسیقای شیعری یەکێکە لە پایە هەرە گرینگەکانی بنیانی شیعری، هەر لە کۆنەوە بایەخی زۆری پێدراوە، دابەشکراوەتە سەر دوو بەشی (دەرەوە و ناوەوە)ی شیعرەکە.. بە هەردووکیان دەبنە زامنی ئەوەی شیعر بە سیستمێکی دەنگی ڕێك و ئاسان و کاریگەر واتا بگوازێتەوە مێشکی بیسەر، یان خوێنەر، بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری هەبێت.

مۆسیقای شیعری دەربڕینی دەروونڕۆشنی ناخی شاعیر بە ڕێگای زمانەوە وێنە

دەكات و دادەهێنێت، ئەم وێنەیەش خۆی لە قاڵبی كێش و سەرواوە دەدۆزێتەوە و یەكانگیر دەبن، بە شێوازێكی جوان و بە نەسەقێكی هاوڕێك و هاوتەریب ئاهەنگ و ترپە و ئاواز بە شیعر دەبەخشن. هەڵبەت پەیوەندی وشە و ئاواز و مۆسیقا ئەوەندە بەهێزە بە شێوەیەك هەر وشەیەك لە مێشكدا كە سەر هەڵدەدا مۆسیقایەكی لەگەڵ پەیدا دەبێ، مانای وشەكە و كاریگەری وشەكە تەواو دەكا. هەروەك فەهمی گوتوویەتی: "مۆسیقای شیعری واتای وشە و دەستەواژەكان، زۆربەی جاران یان دادەبەزێنێ، یان هەڵیدەكێشێ، بە پێی سروشتی وشەكە و كەشی درامی پەیدابوونی لە ناو مێشكدا" (فهمی، 1988 : 92-93).

مۆسیقای شیعری پشت بە زمان و وشە و دەستەواژەی تازەی پڕ مۆسیقی و ئاوازدار دەبەستێت، بەمەرجێ ڕیزكردنی دەستەواژەكان هاوڕێك بن و بەكارامەیی و شارەزابوونەوە دابهێنرێن. مۆسیقای شیعری هێزێكی ئیحا و نیگا و توانای ڕێكخستنی یەكە هاوكاتییە دەنگییەكانە، ئەمەش وەك سیفەت و مەرجی بیناكردن و بنەمای زمانی شیعر سەیردەكرێت.

ئاوازی شیعری پشت بە زمان و وشە و دەستەواژە تازەدەبەستێ، بۆیە هەر شیعرێك ئەگەر لەڕووی مەبەست و بیرەوە بەهێزیش بێ، ئەگەر بەشێوەیەكی كێشدار دانەڕژابێت و مۆسیقا و ئاوازەی نەبێت شیعرە نابێتە پارچەیەك لە داهێنان و وەرگریش چێژی لێوەرناگرێت. . بەبێ كێش و سەروا ئێستێتیكای شیعر نامێنێت سیفەتی بەهارمۆن بوون لەناو دەچێت. بوونی هەردووكیان لە تێكستی شیعردا، ناوەندێك و مۆسیقایەكی دوور لە ئاخاوتنی ئاسایی یان ڕێكخراو پێكدێن

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، كارمان لە سەر مۆسیقای دەرەوەیە، بۆیە لە خوارەوە وەكو

پێویست تیشکی دەخەینە سەر.

تەوەرەی سێیەم: ژیاننامەی حاجی قادری کۆیی

- ناوی تەواوی حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە.

- ساڵی لە دایکبوونی شاعیر ڕای جۆراوجۆری لەسەرە، بەڵام سەرچاوەکان ئەوە دەردەخەن کە لە ساڵێ (1815)ی لە دایکبوون لە گوندی (گۆرقەرەج)ی سەر بە شارۆچکەی کۆیە هاتۆتە دونیاوە. لەساڵی 1853 لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەدا گەشتێکی خوێندن بۆ ناوچەی باڵەکایەتی دەکات و لە گوندی (شێخ وەتمان) لەلای (مەلا محەممەدی کاك عەبدوڵڵا) دەست بە خوێندنی ئایینی دەکەن، دواتر بە تەنیا گەشت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و دەچێتە شارەکانی: سەردەشت و سابڵاغ و شنۆ، تاکو ساڵی 1862 هەر لە ئێران ماوەتەوە هەر لەو ساڵەش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە. دواتر شارۆچکەی کۆیە بە جێدێڵێ و ڕووی دەکاتە شاری ئەستەنبۆڵ، ئەم شارەش ئەوکات پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو..

هەر لەو شارە گەورە پێشکەوتووەشدا ماوەیەکی دوورودرێژ ژیاو و بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان گەیشت، دواتر بوو بە مامۆستای تایبەتی کوڕەکانی ئەو خانەوادەیە.

لەم شارەش لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێبی تازەبابەتی ڕۆشنبیری ئەوروپاوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە کە دەکران بە تورکی بیرو هەستی نیشتمانپەروەری نەتەوەیی و بنەماکانی ژیاری لەلای سەری هەڵدا

- حاجی تا کۆتایی ژیانی ژنی نەهێناوە و بێ ژن و ماڵ و منداڵ ماوەتەوە، هەر ئەم بارە تایبەتییەی ژیانیشی بووەتە کۆسپ لە بەردەم کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دیوانی

شیعرەکانی. بیرو هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بنەماکانی ژیاری لەلای سەری هەڵدا. هەروەها وەك ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی سەیری مەسەلەی نەتەوایەتی کردووە و ویستوویەتی زانستییانە چارەسەری کێشەی نەتەوەکە و فەلسەفەی ژیان بکات، بەڵام هەرگیز لە سنووری ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەرنەچووە، بۆیە حاجی بە شاعیرێکی مەلا و بیر رووناك ناسراوە.

- یەکەم شاعیری کوردە کە بیری لە بەکیانبوونی کورد کردۆتەوە و ئاماژەی بە خاڵە هەرە بنجییەکانی نەگەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی کە سەربەخۆیی و دەوڵەتدارییە کردووە، ئەویش دووبەرەکی و یەکنەگرتنی یەکێتی ڕیزەکان و یەکگرتنە، هەڵبەت لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و کە گوتوویەتی:

لە دەشت و دێی ویلایەت ببنە ئەحباب

وەکوو شەخصێکی واحید بن لە هەرباب (حاجی: 198: 19)

چجای ئەوەش وەك سیاسەتوانێکی ئەمڕۆ دەیویست (خامە و چەك) بە یەکەوە لە خەباتی نەتەوەییدا بەشداری بکەن، بە نەبوونی هەر یەکێکیان کاروانی خەباتی شۆڕشگێڕی سەرناگرێت. باڵا دەستی حاجی لەوەدا نییە کە وەستایانە دەردی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری نەتەوەکەی بەیان دەکا، بەڵکو بلیمەتی و تواناکانی لەوەدایە لەگەڵ ئێش و ژان و دەردەکان چارەسەر و دەرمانییان لە ڕێگەی پەیامی شیعرەوە بۆ دەدۆزێتەوە.

- لە ساڵی 1897 لە دایکبووندا لە شاری ئەستەنبۆڵ لە ئاوارەیی و بێ کەسیدا گیانی سپاردووە، لە بەری ئوسکودار، هەر لە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد) ئەسپاردەی خاك

کراوە.

تەوەری چوارەم/ پەیامی قەسیدەکە بە گشتی

ئەم قەسیدەیە لە (57) دێڕە شیعر پێکهاتووە، لە نامۆیی و دەردی دووری لە خاك و زێد و نیشتمان و غوربەتدا هۆنیوەتەوە، تیایدا ڕیالیستانە و ڕاستگۆیانە پەسنێکی فیزیکی مەفتەن و خاکی کوردستان دەکات، بەشێوەیەك کە دەردی ئاوارەیی و نامۆیی ئەوەندە جوڵاندوویەتی کە بتوانێ ئەم قەسیدەیە بە بەشێوەیەك بەرجەستە بکات کە پارچەیەك بێ لە ئەفڕاندن و داهێنان، شایانی ئەوەبێ قەڵەمڕەوی بە بڕشت تیشکی بخاتە سەر و ببێتە توێژینەوە و باس و مژار و ڕەخنەی ئەدەبی.

ئەم قەسیدەیە لە ڕووخساردا لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی و هۆنراوەتەوە دوو قالبی کێشی بەکارهێناوە، یەکەمیان دەریای موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەحزووفە، دووەمیان دەریای موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەمە، سەرواکانیشی هەمووی (ستوونییە). پیتی (ئا) لە سەراپای نیوەدێڕی دووەمی قەسیدەکە (ڕەوییە)، بەم جۆرە قەسیدە یەش دەگووترێت قەسیدەی ئەلفی.

لە ڕووی ناوەڕۆك و مەبەستەوەش، پەیامێکی تەژی و پڕاوپڕە لە هەستی نەتەوایەتی، لە ناواخنیدا ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ناسۆری و ژان و دەردی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندێکی ڕامیاریانەی لە ناواخندا هەڵگرتووە، شاعیر لەم قەسیدەیەدا ناڕاستەخۆ بە شێوەیەکی ناچەشتەکی (مەعنەوی) ڕووی گلەیی و گازاندە لە بەختی خۆی دەکا، هەر لە ڕێگەی بەختی خەواڵووی کەسییەوە، دەرد و کێشە و مەینەتییەکی گەل و نیشتمانەکەی بە پەیڤ دەدرکێنێ، لە کاتێکدا لە سایەی ئەو تەوژمە ڕۆشنبیریە ئەورووپییەی کە لە تورکیا و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە وەری گرتبوو، چجای ئەوەش

بەدیدی خۆی لە ئەستەنبۆڵ هەموو ئەو هەوڵ و كۆششانە و كۆبوونەوەكانی ئازادیخوازانی وڵاتانی جیهانی بینیبوو، كە چۆن تێكدەكۆشن لە پێناو ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێر دەستی داگیركاری عوسمانییەكاندا.

حاجی لە درێژەی قەسیدەكەدا ئامۆژگاری و ڕێنوێنی گەلەكەی دەكا و بەردەوام دەبێت لە سەرپرسی نەتەوەكەی و تكا دەكا كە وتەكانی لە ڕێگەی پەڕاو و داڕشتن و خوێندنەوە گوێی بۆ بگرن و بەهەناسەیەكی خۆشەویستی و سۆزەوە لێی وەرگرن، هەروەها هیواو تروسكایی بەرنادا بەوەی كە هەموو ئادەمیزادێك هەڵە دەكا و لەبیركردنەوەش كارێكی ئاساییە، لەم ساتانەش خوای گەورە و میهرەبان لە یادە كە تەنیا و هەرگیز ئەو هەڵەو سەهوو ناكات. دواتر پایەی زمانی كوردی لەیاد ناكا و بە شێوەیەك پیایهەڵدەدا و دەیباتە سەرووی هەموو زمانەكانی جیهان، بەڵام ئاماژەش بەمە دەدات كە لە بەدبەختی كوردە بووەتە بێ نرخ و بێ بەهاوو بەپاشكەوتووە .

حاجی قادر یەكەم شاعیری كوردیشە كە توانی پەیام و مەبەستی شیعری واتە ناوەڕۆكی شیعر بگۆڕێ بە ناوەڕۆكێكی نەتەوەیی و نیشتمانی، خەمی خاك و نیشتمان بكاتە هەوێنی شیعرەكانی، سەرەڕای ئەمەش توانی لە ڕووی فۆڕمەوەش سەروای هەندێك لە قەسیدەكانی بكاتە سەروای مەسنەوی ڕەنگاوڕەنگ.

لە كۆتایی قەسیدەكەدا نزا و پاڕانەوە لە خوای بەخشندە دەكا كە شیعرەكانی نەكەونە بەردەستی كەسانی بەدبەخت و نەزان و كەم و كورت، نەوەكو مەبەست و پەیامەكانی بەلاڕێدا ببردرێن خۆزگە و هیواكانی بەدروستی ڕاڤە نەكرێن و ئەنجامەكانیش نەپێكرێن.

بەشی دووەم

ئەو هونەرانەی کە مۆسیقای دەرەوە دروست دەکەن

تەوەرەی یەکەم/ کێش:

ئاوازی دەرەوەی شیعر لە سیستەمی کێشەوە سەرچاوە دەگرێت، دابەشکردنی سەرەکی ئەدەبیات ئەوەیە کە ئەدەب دەکاتە دوو بەش ئەویش شیعر و پەخشانە. جیاوازی دیار و بەرچاو لە نێوان شیعر و پەخشاندا (کێش)ە.

کێش تایبەتییەکی بنچینەیی ناسینەوەی شیعرە کە ئەمەش لە پەخشاندا بەدیناکرێت. ئینجا لە پێناو هاوسەنگبوونی مۆسیقا و ئاوازی شیعری پەنا بۆ کێش واتە هاوسەنگی چەندایەتی دەنگ و بڕگە دەبەن. بەم شێوەیە "کێش و پێوانەی دەنگ دەبنە بنەما بۆ بەرپابوونی جۆری یەکەمی ئاوازی شیعری کە بە (ئاوازی دەرەوە - الموسیقى الخارجیە) دەناسرێت". (دەشتی: 69:21).

کێش بە بونیاتی مەرجی شیعر هەژمار دەکرێت. هەروەك ئازاد عەبدولواحید گوتوویەتی "کێش بریتییە لە دووبارە کردنەوەی یەکەیەکی دەنگی (وحدە صوتیە) دیاری کراو لەسەر پێ و دەنگێکی تایبەت کە لە هەر بەیتێك لە بەیتەکانی شیعرەکە دووبارە دەکرێنەوە". (عەبدولواحید:1995:99).

کۆنترین نووسینی کوردی کە باسی کێشی عەرووزی و هەنگاوەکان و کێش (بەحر)ەکانی تێدابێ، نەوبەهاری ئەحمەدی خانییە(گەردی: 1999:171). شێخ نوری شێخ ساڵح لە پێناسەکردنی کێشدا دووجۆر کێش لە یەکتر جودا دەکاتەوە (وزن هجائی و وزن عروض). لە بارەی کێشی عەرووزیدا گووتوویەتی: "وزن عروض بە اعتبار حرکات و سکنات توازن و تناسبی هەیە" (شێخ ساڵح:1962: 8) .

کێش لە شیعری هەموو زمانێکدا هەیە، هەریەکە بە پێی تایبەتمەندێتی خۆی، بەڵام سەروا مەرجی بنەڕەتی نییە بۆ شیعر، د.پرویز گوتوویەتی: "شیعری زمانە هیندوئەوروپییە کۆنەکانی وەکو سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی و ئەوەی لە زمانە ئێرانییەکانی وەکو ئاڤێستایی و پارتی و پەهلەڤی تا ئێستا بە شیعر دانراوە، هەروەها لە زمانی ئینگلیزی کۆندا سەروا نەبووە." (خانلری:1977: 10).

لە شیعری کوردیدا دوو جۆر کێش بەرچاو دەکەوێ، أ- کێشی خۆماڵی، کە بە ژمارەی بڕگەکان و وەستانی ناوەڕاستی لەتەدرێڕ دیار دەکرێ، هەر لە کۆنەوە سروود و گۆرانی و بەیت و سەراپای شیعری فۆلکلۆری بەو کێشە دارِژاوە و کە بەزۆری شیعری زاری گۆرانە، چەند نموونەیەکی کەم نەبێ. ب- کێشی عەرووزیی، کە پاش هاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی هاتە ناو کورد. (گەردی: 1999،95).

کوردیش ئەو کێشە عەرووزییەی لە ڕێی شیعری فارسییەوە وەرگرت. بە زۆری شاعیرانی کورد حەوت دەریایان لە کێشی عەرووزی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا ژمارەی دەریاکانی کێشی عەرووزی لە شازدە دەریا پێکهاتووە، هەروەك سەید ئەحمەد گوتوویەتی: " دەریایەکانی کێشی عەرووزی لەسەر (16) دەریا بونیاد نراوە" (هاشمی: 105:1951-112). سەبارەت بە کێشی عەرووز و لێکدانەوەی لە ڕووی زاراوەییەوە، ئیبن عباد دەڵێ: "زاراوەی عەرووزی بریتییە لەوەی شیعری لەنگی پێ لە شیعری کێشدار جیادەکرێتەوە" (عباد: 1960: 3).

بەچاوخشانێکی خێرا لەسەر کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی دەبینین جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو کێشەدا هەیە. دڵشاد عەلی گوتوویەتی: " کێشی

عەرووزی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە مامەڵە لەگەڵ بڕگەدا دەکات، لە کاتێکدا کێشە بڕگەییەکە لە ڕووی فۆنەتیکییەوە گرنگی بە بڕگە دەدات، بەو هۆیەوە شاعیر بە شێوەیەکی سەربەست مامەڵە لەگەڵ پیتی هۆنراوەدا دەکات" (عەلی: 1999: 179).

سەبارەت بە کێشی خۆماڵی ڕەسەنی کوردیش، (گۆران)ی شاعیر توانی لەسەرەتای پەنجایەکانەوە بە یەکجاری واز لە بەکارهێنانی کێشی عەرووزی بهێنێ، بە کارامەیی و بە تواناییەوە توانی ئەم هەنگاوە ئەنجام بدات."کێشی خۆماڵی توانی هەموو قاوغە ناوچەییەکان تێك بشکێنێت و نەخشەیەکی نوێ و فراوانی شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردی دابڕێژێت" (بەکر: 2004: 15).

حاجی قادر لەم قەسیدەیەدا دوو قالبی کێشی عەرووزی بەکارهێناوە، قالبی یەکەم دەریاری موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەحزووفی بەکارهێناوە، قالبی دووەم لەسەر کێشی موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەمی بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا

لەخەو هەستە زمانێ بچینەوە ئەولا (قادر:31)

گو/تم/بە/بەخ/ تی/خە/وا/ڵوو/ بە/سە/ئە/توو/ بی/خو/دا/

ب - ب - / ب ب - - / ب - ب - / ب ب - .

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

لە/خەو/هە/ڵس/ تە/زە/ما/نێ/ ب/چی/نە/وە/ ئەو/لا/

ب - ب - / ب ب - - / ب - ب -/ - -/

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

کێشی ئەم دێڕە شیعرە موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەمە.

لە نموونەیەکی دیکەدا حاجی قادر دەڵێ:

لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەیی باران

چیایە پڕ لە هەراوو نواڵە پڕ لە صەدا (ل:32)

لە/گر/مە/گر/ می/سە/حا/بو/ لە/ها/ژە/یی/ با/ران/

ب - ب -/ ب ب - -/ ب - ب -/ - -/

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

چ/ یا/ یە/پڕ/ لە/هە/را/وو/ ن/وا/ڵە/پڕ/ لە/صە/ دا/

ب - ب - / ب ب - -/ب - ب - / ب ب -/

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فعلن

ئەم دێڕە قەسیدەیەش لەسەر کێشی موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەحزووفە.

لە دواین دێڕی قەسیدەکە دا حاجی قادر دەڵێ:

گەلێ قسەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو

کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی شکا (ل:37)

گە/لێ/ق/سەم/ لە/د/ڵا/بوو/ حی/کا/یە/تم/ ما/بوو/

ب - ب -/ ب ب - -/ - - ب - / - -/

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

کە/چی/لە/بەخ/ تی/کە/چم/خا/ مە/نوو/کی/ ش/کا /

ب - ب - / - ب - - / ب - - / - - /

مفاع لن فعلاتن مفاع فعلن

ئەم دێڕەی کۆتایی قەسیدەکە لەسەر کێشی موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەمە.لە کۆتاییدا دەرکەوت حاجی لەم قەسیدەیە دوو قالبی کێشی بەکارهێناوە: قالبی یەکەم کێشی موجتەسی هەشتی مەجنوونی مەخدووف بەکارهێناوە کەم پێیەکانی بەم شێوەیە بە:

مفاع لن  فعلاتن   مفاع لن  فعلن .

قالبی دووەم دەریای موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەمی بەکارهێناوە کە پێیەکانی بەم شێوەیەیە:

مفاع لن      فعلاتن      مفاع لن      فع لن

ئەم جۆرە تێکەڵکردنە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بابەتێکی واردە، چونکە شاعیران پەیڕەویان کردووە.

بەختیار ئەحمەد مەحموود*